# یاداشتێك
# سەبارەت بە داواكانی گەلی كورد [1]

د. فوئاد حەمەخورشید


MEMORANDUM

SUR

LES REVENDICATIONS

DU PEUPLE KURDE

Şerif Paşa'nın Barış Konferansı'na sunduğu Kürt istemlerine ilişkin memorandumun orijinali. (12 sayfa)

بە داواكارییە زیادە ڕۆییەكەی ئیمپراتۆریەتی ئەرمینیامان زانی، لەبەرئەوە، ڕێ بە خۆم ئەدەم، بۆ دیاریكردنی زیاتر وردەكاریانەی داواكارییە ڕەواكانی نەتەوەی كورد لە بەردەم كۆنگرەی ئاشتی دا دێمە دەست.

سنووری كوردستانی توركیا، بەپێی ڕوانینی ئەنترۆپۆلۆجی: لە باكورەوە بە زیفن لە سنووری قەوقاز دەست پێدەكات و بەرەو ڕۆژئاوا بۆ ئەرزڕۆم دەكشێ، ئەرزنجان، كەمە، عەرەب كیر، بەهسمی و دفك، لە باشوورەوە: هێڵی حەران، گردەكانی سەندزهار، گردی زەرد، هەولێر، كەركوك، سلێمانی، گەلمان، سنە، و لە خۆرهەڵات: بە ڕەواندوز دەستپێدەكات، باش قەڵا، وەزیرقەڵا، واتە درێژەی سنووری فارسیی هەتا چیای ئارارات.

لە مێژووی كۆنەوە، ئەم ناوچەیە، لە ژێر دەسەڵاتی كورددا بووەو بە ناوی هەمە جۆرەوە، بە لایەنی كەمەوە، بەر لەم 13 سەدەیەی دوایی لە ژێر دەسەڵاتی كورددا بووە.

كوردستان، هەتا لە سەردەمی چوونە ژێر دەسەڵاتی سوڵتان سەلیمی یەكەم بە ئارەزوی خۆی، بریتی بووە لە چل و شەش میرنیشینی سەربەخۆ، كە ئەمانەن: دیاربەكر، دەیناوەر، چاری سۆل، لەر، ئەردیالی هەكاری، ئامێدی، كوركول، فەنك، حەسان، كیف، تەشموش، كورزك، میرداسی، ئاكیل، ساسوور، هێزان، كەلس، شیروان، درزینی، ئەردكان حەق، تەرتەقول، سویدی، سلێمانی، سەهران، تەركورقەڵا، داود، بەلنكان، تەبلیس، كارزان، بۆتان... هتد، هەموویان لە ژێر فەرمانڕەوایی سەربەخۆی میرانی كورداند بوون.

مومسەن (Mommsen)، لە کتێبە مێژووییەکەیدا سەبارەت شوێنەکانی ڕۆمان، ئەرمینیا دەخاتە نێوان سەرچاوەی ڕووبارەکانی فورات و دیجلەو ڕووباری کۆر.

دائیرەی مەعارییفی نۆتلی (Nuttall) بەریتانی ڕووتر بووە، هەروەك ئەم دەقە ئەسڵییەی لێی وەرگیراوە دیاری دەکات: (ئەرمینیا ولاتێکە لە خۆرئاوای ئاسیاو خۆرئاوای دەریای قەزوینو هەتا باکووری چیای کوردستانو لە نێوان تورکیاو ڕوسیاو فارسەکاندا دابەش کراوە، دەشتێکە تا دەگاتە چیای ئارارات دەیپڕێ) ئەم ڕاستییە وا دەکات کە ئەرمەن هان بدرێ داوای ئەرزی خۆیان بکەن چاکترە لەوەی شەهییەی ناڕەوایان ڕوو لە ولاتێ بکات لە ئەساسدا ولاتی کوردانە.

سەبارەت بەو بەشەی کوردستان کە ویلایەتی ئەرزڕۆم دەگرێتەوە، وا چاکە پەنا بۆ بەڵگەی جوگرافیزانی گەورە شاریکوس بەرین کە سنوری گشتی ناوچەکان دیاری دەکات کە بە ڕای ئەو بە خاك و زۆریی دانیشتوانی کوردییانەوە کوردستانی ڕەوایە، ئێمە وا هەست دەکەین سەرنجی ئەوانەی ئەرکی دابەشکردنی بازنەی زەمینییان لەسەرشانە لەسەر ئەساسی نەتەوەیی ڕابکێشین بۆ قسەی ئەم جوگرافیزانە گەورەیە بەرامبەر ئەو شیوانەی ژمارەیەکی زۆری خێڵانی تیایە، بە تایبەت حەوزی زابی گەورە کە هێزێکی چاکە بۆ خۆپاراستنی وەك دەوڵەتی سەربەخۆ دژی تورك و فارس... ئەم ڕاستییە ساڵی 1884 نووسراوەو، لەوانەیە دەقی دی، هەبن پێشکەش بە هەمان کۆنگرە کرابێ، لەگەڵ ئەوەشدا، دەمەوێ ڕێگەم بدەن، ئەوە بە وردیی بەرچاو بخەم، کە ئەگەر ئەم ناوچانە، کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردن، بخرێتە پاڵ ئەرمینیای نوێ بە چاو پۆشین لە خاسیەتی جەنگاوەرییان و حەزیان لە سەربەخۆیی، شکی تیا نییە کە دەوڵەتێکی پڕ ئاژاوە حوکمی ئەرمینیا دەکات، ئەگەر هاوسنورانی ئەم ولاتە سوپای گەورەی بۆ دابین نەکەن، بەڵام هەتا ئەو وەختەش ڕووبەڕووی هەڵمەتی هەمەجۆر و فراوانی شەڕی چەتەگەری دەبێت.

ئەرمەنەکان بۆ ئەوەی مافیان لە ئەرمینیا بسەلمێنن: ئاماژە بە سەردەمی (تێکران) دەدەن کە ساڵی 50ی پ. ز لە ئارادا بوو ئەوسا مەملەکەتێکی ئەرمەنی هەبوو، بەڵام بە دڵنیاییەوە خۆیان لە ناوهێنانی ئەو پارچە زەویانە لا دەدەن کە موڵکی ئیمپراتۆری ڕۆمانی بوون و لە لایەن (بومبی)یەوە لە سەردەمی تێکراندا زەوت کرابوون: لەبەرئەوە بۆیان ناکرێ بۆ ئەرمینیای گەورە بڕوانن وەك مەڵبەندی نەتەوەی خۆیان. ئەرمەن و ئەوانەی داکۆکیان لێ دەکەن دەیانەوێ ئیسپاتی ئیدعاکەیان بە وجودی چەند هەزار ئەرمەنی لە کوردستاندا بکەن. بۆ وەڵامی ئیدعاکەیان، بە ئاسانی جارێکی دی پەنا دەبەین بۆ بەڵگەنامەی نۆتاڵ کە دەڵێ (لە کۆنەوە ئەرمەنەکان کۆچیان دەکرد بۆ ولاتانی دەوروبەر، هەروەك جولەکەکان، ئەوان کاری غەیری بازرگانی ناکەن، زۆرجار کاریان پارە گۆڕینەوەیە (صیرفە)، کورد ئینکاری کەمایەتی ئەرمەن ناکەن لە کوردستان کە هاندەری بازرگانی ڕایکێشاونو سودیان هەبووەو ئەم کەمایەتیە بە ئارەزوی خۆیان هاتوونەتە کوردستانەوەو لە ژێر کارلێکی ئەم هۆیەدا بووە هەمیشە لە شارەکان ژیاون و بە دوور بوون لە کاری کشتوکاڵی و فەللاحەتەوە. جا بۆ سەلماندنی ئەوەی ئەوان کەمایەتی بوون، تازەترین بەڵگەنامەی ڕەسمی لە تورکیاو لایەنانی ئەورووپاییەوە بەرچاو دەخەین دوای ڕێکەوتنی بەرلین، وەفدێ ڕەوانە کرا بریتی بوو لە کۆچکردو ژەنراڵی ئینگلیزی بەکر پاشاو هەروەها سعید پاشای سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەتی عوسمانیو منیاس ئەفەندی پیاوماقوڵی ئەرمەن لە کوردستان بە نیازی سەر ژماردەی دانیشتوان.

نمونەیەك سەبارەت بەو سەرژماردەیە لە ناوچەی دیاربەکر بەرچاو دەخەین کە دەری خست دانیشتوانی بریتی بوو لە (840000) کەس و لەوانە (600000) یان موسڵمان بوون (240000) یان مەسیحی و جولەکە بوون.

لە ساڵی 1895 ئەمیر لوبانۆف وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، کە دۆستی کورد نەبوو، ئیسپاتی کرد کە ئەرمەن، لە سەرجەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، کەمەکی بوون.


Monsieur le Président
de l'Organisation des Nations-Unies,
LONDRES.

Les représentants du peuple kurde en Irak, confiants dans l'esprit de justice qui anime l'O.N.U. soumettent à la noble Assemblée ce qui suit:-

Les droits reconnus et les promesses faite au peuple kurde n'ont pas été respectés. Les autorités irakiennes ont méthodiquement négligé le peuple kurde au triple point de vue culturel, social et économique. Depuis plus de vingt ans, loin de respecter ses droits en tant que peuple autonome vivant dans un pays éthniquement et historiquement kurde, toute l'activité des dites autorités se concentre sur les moyens de le désagréger et l'erstiser.

C'est pourquoi le peuple kurde demande son indépendance [illegible] au sein du Royaume de l'Irak et par conséquence le [illegible] d'un gouvernement [illegible] le peuple dans la voie du progrès et dont les relations étrangères seraient confiées à un ministère des affaires étrangères en commun avec le gouvernement irakien.

En tous cas le peuple kurde ne peut être lie par un accord qui serait conclu sans son consentement conformément aux principes du Pacte de San-Francisco.

Les représentants du peuple kurde en Irak.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا لە دەستەی یاسادانانی فەرەنسا کە لە تشرینی دووەمی ساڵی 1896 دا کراوە (ڕۆژنامەی رەسمی ڕۆژی 4ی تشرینی دووەم 1896 لاپەڕەکانی 1357- 1385)، دەربارەی مەسەلەی ئەرمەن، وەزیری دەرەوە ئەمەی راگەیاندوە (لە ناوچە تورکیەکاندا کە ئێستا جێی بایەخمانە، دانیشتوانی ئەرمەن، بەپێی ئەو سەرژماردانەی لەبەردەستماندان بریتییە لە 13٪ی سەرجەمی دانیشتوانو دابەشکردنیان لە ویلایەتەکانی ئاسیادا رێکوپێك نییە، لەبەرئەوە سەیر دەکەن لە هەندێ شوێن زۆرن لە شوێنانی دی کەمن، بەمانای ئەوەی زۆر گرانە لەو ناوچانەدا، ناوچەیەك هەبێ ژمارەی ئەم گەلە نەگبەتە زۆرینەیەکی وابێ بتوانرێ هەرێمکیان بۆ دابین بکرێو یاسای جۆرە خود مختار یان هەبێ).

لە دواییدا، بۆ ئەوەی داواکارییەکانی کورد دیاری بکەن، ئەم بڕگانە لە دەفتەری یادداشتەکانی سەرەکایەتی ئەرکانی سوپای ڕوسیا بەرچاو دەخەین کە گومان لە نهێنییەتی ناکەین چونکە بە پێی سودی تەنیا سوپاو سیاسەتی ڕوسیا نوسراوە، لەسەر ئەم ئەساسە، ئەم یادداشتانە سیفەتی بێلایەنیان هەیە بەرامبەر بە کوردو ئەرمەن پێکەوەو مەبەست لە نووسینیان گەیاندنی مەعلومات بووە کە دەبوو نهێنی تەواو بپارێزرێ، باس لە هەردو ویلایەتی وانو بەتلیس دەکات کە ئەرمەن ئیدعا دەکات (دوو ویلایەتی ئەرمەنین) نوسەری یادداشتەکان دەڵێت "لەم دوو ویلایەتەی ئاسیای عوسمانیدا کورد زۆرترن لە ئەرمەن، لە وان کورد 46٪ پێك دێننو، ئەرمەن 26٪ی دانیشتوانن و لە بەتلیس کورد 55٪ و ئەرمەن 39٪، لەم دوو ویلایەتە تورك سەر ژمارە نەکراون کە هەروەك کورد موسڵمانن".

لە ویلایەتەکانی وانو موش دا ژمارەی دانیشتوانی کورد ئەرمەن هاوشانن، لە بەتلیس کورد لە 50٪ی دانیشتوانن و ئەرمەن 40٪، لە ناوچەکانی دی ژمارەی کورد دوو جار لە ژمارەی ئەرمەن زیاترن، بە مانایەکی دی ئەرمەن ناتوانن نیوەی دانیشتوان لە هیچ ناوچەیەکدا زامن بکەنو کورد لە هەکاری 56٪و لە سعرت 60٪ لە کەنج 79٪ی دانیشتوانن، لە ناوچەکانی دی زۆرینەی کورد تەواو ئاشکرایە، بە جۆری ئەرمەن بە زمانی کوردی قسە دەکەنو، لە ویلایەتەکانی وانو بەتلیس لە هەندێ شوێنیان تەنیا پیاوە ئاینیەکانی ئەرمەن بە زمانی خۆیان دەدوێن، لە ڕووی دابەشبوونی ئاینیشەوە لەو دوو ویلایەتە بەم جۆرەیە: لە وان موسڵمان 54٪ بەرامبەر 43٪ی مەسیح، 30٪ ی ئاینەکانی دی. لە ناوچەی هەکاری موسڵمان 56٪ بەرامبەر 43٪ مەسیحیو، 1٪ ئاینەکانی دی. لە ویلایەتی بەتلیس موسڵمان 60٪ی دانیشتوانو 40٪ی مەسیحیە. لە موش 51٪ موسڵمانو 48٪ مەسیحیو 1٪ ئاینەکانی دی، لە سعرت 65٪ موسڵمانو 34٪ مەسیحیو 1٪ ئاینەکانی دیو، لە کەنج 69٪ موسڵمانو 20٪ مەسیحیو 1٪ ئاینەکانی دی.

وەك ئەنجام، بۆمان دەردەکەوێت، کە کۆی 32 قەزا کە ویلایەتی وانو بەتلیس پێك دێنن، تەنیا 8 قەزایان زۆربەیان مەسیحینو باقی قەزاکان زۆربەی دانیشتوانیان موسڵمانن هەموو ئەم بەڵگانە ڕەسمی دیاری کراونو لە کاتێکدا بووە کە ڕووداوە ناخۆشەکان سەرجەمی ئەوروپایان و وروژاندوە بۆ داکۆکی لە ئەرمەن، بەڵام وەك دیارە ئەرمەن بە هیچ جۆری زۆربەیەك نییە لە هیچ ناوچەیەکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، لەبەر هەمان هۆ وەك دیارە، لە کوردستانیش زۆربەیەك نەبووە کاتێ ناوچەکە سەر بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە.

سەرەڕای ئەمەو وەك دوا بەڵگەی سەلماندنی ئەوەی کە کورد لەو ناوچەیە زۆربەن ئەوەش دەردەخەین کە لەم دوو ویلاتە بە تەنیا هێشتا ئەو ئۆردوگایانە هەن بە (حمیدیە) ناسراون واتە هێزی سوارە کە لە خێڵەکانی حیدرانلی پێك هاتوون (بە ڕابەریی محمد صادق بەگ)و، شاوی (جەعفەر بەگ) ئادەملی (علی بەگ)، موکری (ئیبراهیم بەگ)، میلان (محمد بەگ)، بشەمسکی (صادق بەگ) تەکیان (شەریف بەگ) نادومانلی (سلێمان بەگ). حسنانلی (فتح اللّه بەگ)، جبرائیلی (ئیبراهیم بەگ)، تاگۆری (حسین بەگ)، ئارتوش (حسن بەگ)، ئاماتلی (عوسمان بەگ)، بنیان (لطف اللّه بەگ)، شتوائلی (عمر بەگ)، ئالاشو حیدرانلی (حاجی میر پاشا).

عەشیرەتی حیدرانلی، کە شەش فەوجی سوارەیان هەبووە، لە ڕۆخی خۆرهەڵاتی دەریاچەی وانو خۆرئاوای زنجیرە چیای ئادار، تا ئێستاش عەشیرەتێ بەم ناوەوەو، ئاوی ئازا هیدرانلی لەوێ نیشتەجێن. عەشیرەتی دووەم لە ڕووی قەوارەوە عەشیرەتی حسنانلییە، کە لە نێوان مەلازکورد بانیخو هنەس دانیشتون، پێنج فەوجی چەکداریان هەیە، سیانیان لە ویلایەتی بەتلیسە.

بە دوایاندا عەشیرەتی هیدمانلیلەر دێ لە ڕۆخی رووباری زیلانو، عەشیرەتی جبرائلی لە قەزای فارتۆ، دوو فەوجی هەیە. عەشیرەتەکانی دی ژمارەیان کەمترە. هەریەکەیان یەك فەوجیان هەیە، عەشیرەتی میلانلی لە ڕۆخی دەریاچەی وان بە لای رۆژئاوایداو، هەروەها عەشیرەتی موکریو عەشیرەتی شەمسیفی لە قەزاکانی محمودیو حمیدییەو، عەشیرەتی شیکیا لە قەزای ئالیاك لە باشوری زاب، عەشیرەتی شیوانلی لە قەزای حمیدییەو نورشین. سەرەڕای ئەم عەشیرەتە سەرەکیانە، عەشیرەتی دی هەن کە پایەیان لەمانە کەمترە لە ڕووی بایەخەوە، بەڵام فەوجی تایبەتیان هەیە.

هەموو ئەم عەشیرەتانە سەرەڕای نەرم و نیانی دەسەڵاتدارێتی لەگەڵیاندا بە شێوەی تایبەت، ڕێگەیان نەداوە بە سەرۆکەکانیا ن داوای مافی سەربەخۆی خۆیان بکەن بۆ دامەزراندنی حکومەتی تایبەت بە خۆیان. ئەوان خاوەن مەزاج و ئارەزووی ئاگرینن و ئەمە جۆرێکە لە خوو نەریتی نەتەوەییان. هەتا بە یاریدەی هێزەکانی ئەوروپاش، ستەمە کەمایەتی ئەرمەن خۆیان بەسەر ئەم ڕەگەزە جەنگاوەرانەدا فەرز بکەن.

کە (موبەشیرە) مەسیحییەکان بۆ یەکەمجار هاتنە کوردستان، بۆ بڵاوکردنەوەی باوەڕی ئاینی لەناو کورددا، هەر زوو زانییا ن ئەمە پڕۆژەیەکی بێبەرە، لەبەرئەوە ڕوویان لە کاری هوشیار کردنەوەو زیاتر فێرکردنی مەسیحییەکانی کوردستان بوو، لەوانە بایەخیان بە ڕەگەزەکانی ئەرمەنیی ئەرسەزوکس دەدا کە قوتابخانەکانیان ئاوەدان بوو، هیوای ئەوەیان هەبوو بە ژیاندنەوەی هەستی نەتەوەی کۆن لە ڕێی پەروەردەوە هانیا ن بدەن بۆ ژیاندنەوەی سەردەمی پەلامارەکانیان بۆ دەست بەسەرا گرتن بە بێئەوەی حسابی ئەوە بکەن کە هاندانی بەوە جۆرە چ جۆرە مەترسییەکی هەیە.



سەبارەت بە مەسەلەی (تەبشیرییەکان) بۆ جاری دووەم دەچمەوە سەر یاداشتەکانی سەرەکایەتی ئەرکانی رووسی کە ئەم دەقەی تیایە:

(لە ویلایەتی وان لە ماوەی سی ساڵدا موبەشیرە کاسۆلیك و پروتستانیەکان جێگر بوون بە تایبەت لە مەرکەزی شارەکانی وان و بەتلیس لەوانە ئەمەریکاییان تیا بوو پڕوپاگەندەی ئاینیان دەکرد لە ڕێی یاریدەی هەژارەکانەوە بەبێ جیاوازی ڕەگەز و دین، قوتابخانەکانیان لەسەر سیستەمی چەسپاو دامەزراندبوو، قوتابخانەی ئەو (موبەشیرانە) مەڵبەندی پیشەسازی و کاری دەستی تیا بوو بۆ ڕاهێنان بە پیشەی هەمەجۆر، سەیر ئەوەبوو لەو قوتابخانە ئەرمەنیانەدا شۆڕشگێڕی سەخت دەردەچون بە خۆراگرو سەخت دەناسران لە ڕووی شارەزایی لە کارلێکەری و شۆڕشگێڕیەوە، ئەوانە، هەرچەندە ئەمریکا دەستکراوە بوو بەرامبەریان، کەچی ئەرمەنیەکان ئەوانیان خۆش نەدەویست).

ئەرمەنی، بە حوکمی ئەوەی چالاکە لە بارزگانیدا، ئەو چالاکییە هانی دەدات داوا زیاتر لەوە بکات شایەنیەتی، بۆیە ئەوەی داوای دەکات، دەگاتە ڕادەی ئەوەی یاسا ڕێگای نەدات، وڵاتی کۆنی ئەرمەن زۆر بچکۆلە بووە، لەبەر ئەوە تەقەللای ئەوە دەدەن دەست بەسەر پانتایەکی زۆری خاکی کوردستاندا بگرن لە ئاسیای بچوکدا، لەمەدا پشتی بەو یادگارانە بەستوە کە (تێکڕان) لە سەردەمی داگیرکردنێکی کەمخایەندا بەجێی هێشتوە.

حکومەتی عوسمانی کە زۆرجار لە لایەن ئەوروپاوە تەنگەتاو کراوە، وای بەباش زانی کە چاکترە ڕێگە بدرێ بە ئەرمەنیەکان وڵات چۆڵ کەن و واز لە پێناسەی عوسمانی بێنن بۆیە بە هەزاران هەزاریان گەڕانەوە بەرەو ئەرزی مەملەکەتە کۆنەکەیان کە درایە پاڵ ڕوسیای قەیسەری بە پێی بڕیاری کۆنگرەی بەرلین، زۆربەی ئەرمەنەکان زەوی و زاری خۆیان فرۆشت بە کورد بەڵکو هەندێکیان هەروا دەستیان لێ هەڵگرت و کۆچیان کرد، بۆیە بە پێی یاسای حکومەتی عوسمانی، دەوڵەت دەستی بەسەرا گرتن و کە یاسا وای داناوە سێ ساڵ دەستکاری نەکرێ و دوایی بفرۆشرێ، بەم جۆرە ئەو زەویانەی ئەرمەن بەجێیان هێشت فرۆشران بە کورد.

دوای ڕاگەیاندنی دەستور، ئەرمەنەکان کە چوبوون بۆ ڕوسیا هەستیان کرد کە ڕژێمی قەیسەر زۆردارترە لە ڕژێمی تورکی، لەبەر ئەوە سوودیان لە بڕیاری لێبوردنی گشتی و وەرگرت و گەڕانەوە و کەوتنە داواکاری زەوی و زارەکانیان لەسەر حسابی کورد کە بوبوون بە خاوەنی.

حکومەت لە ژێر باری سەختی تەنگهەڵچنینی دبلوماسی ئەوروپادا بەوە ڕازی بوو، بەڵام کورد ئەم هەنگاوە ناڕەوایەیان ڕەفز کردو هێزی خۆیان کۆ کردەوە بۆ بەرەنگاریکردنی و چەند لیژنەیەکی ئەوروپی لە ئاسیای بچوك و کوردستان دامەزران کە

ژمارە 54
مایس 2009

دەستەڵاتی چارەسەری ئەم کێشەیەیان هەبوو بەڵام هەڵگیرسانی ئاگری شەڕی جیهانی ڕێی نەدا. ئەم هەموو بەڵگانە ساغی دەکەنەوە کە زۆربەی ئەرمەنە نیشتەجێکانی کوردستان بە ئیرادەی خۆیان کۆچیان کردوە لە ڕووی یاساییەوە مافی داواکردنی ئەو زەوییانەیان نییە.

ئەگەر زۆرینە نەتوانێ دەست بەسەر کەمایەتیدا بگرێ و ڕازی بکات، چۆن کەمایەتی ئەرمەنی دەتوانێ دەسەڵاتی بەسەر گەلێکدا فەرز بکات کە لەوان زۆرترن و تینوی سەربەخۆیین و ئەوانیش گەلی کوردن؟

هەرچۆنێ بێت لیژنە ناوکۆییەکانی ئەورووپا دەتوانن لە مەسەلەی گێڕانەوەی ئەموالی چەسپاوی ئەرمەنییەکان کە لە خاکی کورد نیشتەجێ بوون چارەسەر بکەن ئەگەر ئارەزووی گەرانەوەیان بۆ ئەرمینیا هەیە بە مەرجێ هەمان ئاسانکاری بۆ کورد دابین بکەن بە پێی بیرو باوەڕی بەڵێنی (ولسن). ئیدی هەموو دیاردەو بارەکە لە شانی کوردایە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆو ئازاد.

بە پشت بەستن بە چواردە خاڵەکەی بەڵێنی (ولسن) کە هەموو دەوڵەتەکانی عوسمانی پێی ڕازین کورد لایان وایە مافی داواکاری سەربەخۆییان هەیە لەگەڵ ئینسافی ئەو ئیمپراتۆرەی چەندان سەدە لە سایەیدا نەریت و خاسیەتی خۆیان پاراستوە، بەم جۆرە بە کورتی داواکاری کورد بەرچاو دەخەین بە پشتبەستن بەو بەڵگانەی سەرەوە و بە توندی نارەزایی دەردەبڕین بەرامبەر ئیدعای ئەرمەنی سەبارەت کوردستان کە دەبێت هەر بۆ کورد بمێنێتەوە هەروەك لەم نەخشەیەدا لەگەڵ یاداشتەکەدا سنوریمان دیاری کردوە.

سەروەتی کوردستان پشتی بە بەخێوکردنی سامانی ئاژەڵی بەستووە لەبەر ئەوە زامنکردنی کێڵگەکانی لەوەڕی زستانی و هاوینە پێویستە، بە هۆی بارودۆخی کەشو هەوا بۆیە داوا دەکەین ئەم لەوەڕگایانە نەخرێنە دەرەوەی سنووری دیارکراوی کوردستانەوە.

لە کۆتاییدا داوای سەربەخۆیی دەکەین کە مافی خۆمانەو یاسا دانی پیادا ناوە، هەر ئەمەیش دەرگا دەکاتەوە لە بەردەم تێکۆشان لەسەر ڕێگەی گەشەسەندن و پێگەیشتن لە پێناوی وەبەرهێنانی سامانی نیشتمانی و ژیانی بە ئارام لەگەڵ دراوسێکانیدا.

داوا لە کۆنگرەی ئاشتی دەکەین لیژنەی نێودەوڵەتی دروست بکات هێڵی سنوور لە سەر ئەساسی نەتەوەیی دابنێ بۆ کوردستان کە هەموو ئەو ناوچانەی تیا بێ زۆربەی دانیشتوانی کوردن، خۆ ئەگەر لەو ناوچانەی سەر بە کوردستانن کەمایەتی نەتەوەی دی هەبوون، ئەوا ئاساییە زامنی پاراستنی نەریتی نەتەوەییان بکرێت.

پشت ئەستورم لە عەدالەتی کۆنگرەکەتان بەرامبەر ژیان و پاشەڕۆژی گەلێکی دێرین کە هیوای خۆنوێکردنەوەی هەیە ئەگەر هەلی بۆ ڕەخسا.

پاریس 22 ئادار 1919
20 شارع میسن

ژەنراڵ شەریف پاشا
سەرۆکی وەفدی کوردی
بۆ کونگرەی ئاشتی

## یاداشتی جەنراڵ شەریف پاشا بۆ ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کۆنگرەی ئاشتی:

سەرۆکی بەڕێز

ناکرێ کێشەی ئەرمەنی کە بەرچاوی کۆنگرەی ئاشتی خراوە لە کێشەی کورد جیا بکرێتەوە، چونکە لە واقیعدا کورد زۆرینەی گەورەی بەشەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی نین، ئەرمەنیش هەن بەڵام کورد بەشێکی یەکگرتوو یەك پارچەن.

نیشتمانی کورد لەم ویلایەتانەی عوسمانی پێك دێ: دیاربەکر، خۆبوگ، بەتلیس، وان، موسڵ، سەنجەق، ئۆرفە (ئەلیز ریکوس) یش Elisee Reclus سنووری کوردستان و دیاردەکانی مێژوو و ڕەگەز دەیسەلمێنن کە ناکرێ ئەم نیشتمانە لە ئیمپراتۆری عوسمانی دابڕێ و بخرێتە ژێر دەستەڵاتێکی دی غەیری دەستەڵاتی کورد خۆیانەوە.

مێژونوسەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا لەسەر دانان بە کورددا ڕێکەوتوون کە دانیشتوانی وڵاتی فارسی کۆنن کە لە ڕوباری سیحون و جیحونەوە لە ڕۆژهەڵات بەرەو ڕووباری سیحان و جیحان و پشتەوەی دەریای ناوەڕاست لە ڕۆژئاوا، لە دەریای قەزوینەوە قەفقاس باکوور بەرەو خەلیجی فارسی باشوور هەر وەك مێژوونووسە ئەوروپایی و موسڵمانەکان سەلماندوویانە کورد لە سەرەتادا لە دەورەبەری چیای گودی بوون، لەوێوە بەرەو دەریای ڕەش و دەریای ناوەڕاست و دوایی دەریای عومان بڵاو بوونەتەوە.

ساڵی 400پ.ز، لە دیاربکر و خەربوت و وان ئاگزنفون، کوردۆخ (کورد)ی دیوە، هەروەها ئاسەواری کورد لە

شیکردنەوەکانی مەلیکەکانی بابل و ئاشورو میدیا دا هەن و هەروەها ئالبێر مالیە دەڵێت (کورد ئاشوورییەکانی ئەم سەردەمەن).



کورد، بە ئایینی ئیسلام ڕازیبون و دوای شەڕی قادسیەو سەرەڕای گونجاویان لەگەڵ عەرەب بەڵام هەستی نەتەوەیی و خاسیەتی خۆیان پاراستوە، کورد ساڵی (950ی ز) خودمختاری خۆیان بە سەرۆکایەتی مەروان دامەزراند، دیسان دوای داگیرکاری نوێی سەلجوقیەکان لە سەدەی یازدەهەمدا سەربەخۆیی کوردستان گەرایەوەو بەڵام دوایی لەبەر ڕوونـاکی ناکۆکی و ملاملانێی نێوان فارس و تورك، کورد ناچار بوون لایەنێ هەڵبژێرن، بە هۆی شکاندنی شای فارسەکانەوە شا ئیسماعیل صەفەوی و بەیەکەوە گونجاوی نەریتی ئاین لای کورد و تورك، کورد لایەنی تورکی هەڵبژارد و فەرماندەی کوردی ئدریس بەدلیسی لەگەڵ سوڵتان سەلیم گفتوگۆی کرد سەبارەت دانەپاڵی کوردستان لە سنووری ئیمپراتۆری عوسانیدا بە مەرجێ کورد حوکمی خۆیان بکەن لە ڕادەی کار ڕاییکردنی خودمختاریداو تەنیا بە هێزی ڕەمزی لە شەرەکانی سوڵتاندا بەشداری بکەن.

نیشتمانی کورد سەروەتی ڕاسەقینە لە خاکەکەیاندا، مەعدەن و دارستان و ڕێگای هاتوو چوون و زمانی نەتەوەییە، نەخشەی کوردستانی عوسمانی لە سەرەوەی بەشی باکووری چیای ئارارات کە سنووری تورکیا لە ڕووسیای فارسی جیا دەکاتەوە، بەرەو خوارو باشوور لەگەڵ هێڵی سنووری تورکیا، فارس درێژ دەبێتەوە بۆ ناوچەکانی بایەزید و هەکاری و ڕەواندوز و موسڵ و کەرکوك و خانەقین لە لایەکەی دی ئەرزڕوم و ئەرزنجان و بەتلیس و موش و خەربوخەو دیاربەکرو ماردین و جەزیرەو سیعرەتو ئۆرفە و ڕەئسولعەین و شەنگار.

هەرچەند کورد (بەدوو) نین بەڵام عەشیرەتگەری بە ناوچەکانیاندا بڵاوە، هەتا ئەو وەختەی بە ئارەزووی خۆیان چوونە پاڵ سوڵتان سەلیم، 46 ئەمارەتیان هەبوو کە حوکمی ئەم شوێنانەیان دەکرد: دیاربەکر، دنفر، شا رسول لر، هەکاری، ئامیدی، کورك، فنك، قەڵاکیف، تهموش، کوزاك، مرداسی، ئاکیل، ساسون، حزان، کلس، شیروان، دەرسیم، ئەردکان، حاق، برکل، سیدی، سلێمانی، شارەزوور، برکون، قەڵای داود، پڵنگان، بەتلیس، کارزان، بولان.. هتد.

مومسەن **Momsen** لە مێژووی ڕۆمانیدا جێگای ئەرمەن و کوردی لە نێوان سەرچاوەی دیجلەو و فوراتدا دیاری کردوە، بەڵام بەڵگەنامەی نونالسی بەریتانی ڕوونترە و لەوێشەوە ئەم دەقە هەڵدەبژێرین (ئەرمینیا وڵاتێکە لە خۆرئاوای ئاسیا، خۆرئاوای دەریای قەزوین، باکووری چیاکانی کوردستان لە نێوان ڕووسیا و تورکیا و فارسدا، بریتییە لە زنجیرە گردێ کێڵگەی بە پیت بە بەینا دەڕوات تا دەگاتە چیای ئارارات، ئەمە بەڵگەی مێژوویی سنووری تایبەت بە کوردستان و ئەرمینیایە.

ئەگەر ئەم ناوچانەی کە زۆربەیان کوردن درانە پاڵ ئەو ئەرمینیایەی کە نیازە دروستی بکەن، ئەمە لادانە لە هەموو بیرو باوەڕێکی نەتەوەیی، سەرەڕای پێچەوانەی ئەو یاسایەیە، کورد بۆ خۆی داناوە و ئازایانە جەنگیوە لە پێناوی سەربەخۆییداو گومانی تیا نییە ئەگەر ئەرمینیای سەربەخۆ، بەو جۆرەی دەویستریێ دامەزرا، ئاژاوەی خۆسەپاندن دروست دەبێ و ئەگەر هاوپەیمانان دەستیان لەم کارە وەردا بە پشتیوانیکردنی بە سوپایەکی بەهێز، ئەویش دیسان بەرەنگاری شەڕی چەتەگەری دەبێ.

ئەرمەن لە ئیدعاکانیان پشت بە بوونی مێژووی ئەرمەینیای گەورە دەبەستن، بەو ناوەوەی گوایە زەمانی تیکران لە ساڵی 50ی پ. زدا مەملەکەتی ئەرمینیا هەبووە لە بیریان چووە بە داگیرییەکی کەمخایەن هەندێ پارچەی ئیمپراتۆری ڕۆمانیایان خستە پاڵ خۆیان کە دوایی بۆمبی لێی سەندنەوە.

کەواتە ئەرمینیای گەورە، مەنزڵگای ئەرمەن نەبووە، ئەگەر چەند ملیوێنی ئەرمەن هەبن لە ناوچە کوردییەکان بڵاو بوبنەوە ئەمە هەروەك Nuttals نوتالس دەڵێ مانای ئەوەیە (لە کۆنەوە لە ناوچەکانی خۆیانەوە کۆچیان کردوە بۆ ناوچەکانی دەوروبەریان، هەروەك جولەکە وایان کرد هەر خەریکی کاری بازرگانی بوون).

لە کاتێکدا کورد بە کۆمەڵی یەککگرتوو لە ئەرزڕۆم و بەتلیس و وان و دیاربەکر مەعمور عەزیزەو، ملاطیە و ئورفە و، موسڵ و سلێمانی و لە بەشێکی بەغداد بوون، ئەو کاتە ئەرمەن هەرگیز لەم ناوچەیە کۆمەڵەی زۆرەکی و یەککگرتوو نەبوون تەنیا بایەخیان بە بازرگانی داوەو لە مەرکەزی شارەکان بوون موڵکایەتی گوند و لادێکان هەر بۆ کورد بووەو چالاکی ئەرمەن هەر لە شارەکاندا بووە.

ئەگەر نیسبەتمان لەبەرچاو گرت، ئەوە ئەرمەن هەگیز لە 25٪ی ژمارەی خەڵکی ناوچەکە تێپەڕ نابن، ژەنراڵی ڕووسی باسیلۆڤ لە باسەکەیدا سەبارەت ئەم بەشەی ئاسیای بچوك دەڵێ، نیسبەتی ئەرمەن بریتییە لە (یەك ئەرمەن) بەرامبەر (شەش کورد) باسەکەی دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەو کاتەی ڕێکخراوەکانی حەمیدیە دامەزراوە نووسراون و وەرگێراوەو دەڵێت: بەر لە 25 ساڵ ژمارەی کورد 4–5 ملیۆن بووەو، لەو سەرژماردەیەی دوای پەیمانی بەرلین کراوە بە سەرپەرشتی ئەو لیژنەیەی کە لە ژەنراڵی بەریتانی،، بەکر پاشاو، سەعید پاشای سەرۆکی پەرلەمانی عوسمانیو نووسەری ئەرمەنی میناس ئەفەندی، دروست ببوو، دەڵێ لە دیاربەکر 600 هەزار موسڵمان و 240 هەزار مەسیحی هەن .

لە لایەکی دییەوە، نوسراوی نهێنی دەستەی ئەرکانی ڕووسیو ناسراو بە پشتیوانی ئەرمەنی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە نیسبەتی کورد لە وان 45٪ و نیسبەتی ئەرمەنی 25٪ی کۆی دانیشتوانە، لە بەتلیس کورد 55٪ و ئەرمەن 39٪ بە بێ حسابکردنی تورك و، تەنیا لە شارەکانی وان و موش کورد و ئەرمەن بە پێی سەرژماردە وەك یەکن لە ناوچەی بەتلیس 50٪ کورد بەرامبەر 40٪ ئەرمەن و ، کورد لە هەکاری 56٪ و لە کۆنتش 79٪ی دانیشتوان، لەم دوو ناوچەیە ئەرمەن بە کوردی دەدوێن.

لە ڕووی ئاینییەوە بە پێی ئەو نووسراوە، موسڵمان، لەو ناوچەیە، 45٪ و مەسیحی 43٪ و 3٪ی ئاینی دی، لە ناوچەی هەکاری موسڵمان 56٪ و مەسیحی 43٪ و 1٪ ئاینی دی، لە بەتلیس 60٪ موسڵمان و 40٪ مەسیحی و لە موش 51٪ موسڵمان و 48٪ مەسیحی و 1٪ ئاینی دی، لە سعرت 65٪ موسڵمان و 34٪مەسیحی و 1٪ ئاینی دی، لە جنش 79٪ موسڵمان و 40٪ مەسیحی و 1٪ئاینی دی، لە 32 قەزا، کە ویلایەتی بەتلیس دروست دەکەن، تەنیا 8 قەزایان زۆربەیان مەسیحین، لەوەکانی دی بە پێی سەرژماردەی ڕووسی موسڵمان زۆربەن.

هەروەها ئەو ناوچانەی کە ئەرمەن ئیدعا دەکەن ناوچەی ئەوانە وەك بایەزیدو ئالاش کوردو کاراکلیسیەو، مەلازکوردو، بۆلانیك و خنس و تەتمان و ئەخلات و، موش کە دەوڵەمەترین ناوچەن لە ڕووی خاکی کشتوکاڵییەوە لە کوردستاندا، بۆیە بە عەنباری دانەوێڵەی کوردستان دەناسرێن و ئەگەر ئەم ناوچانە، کەوتە ژێر دەستی ئەرمەن کارەسات و مەرگەسات لە ناوچەکە، لە ڕووی ئابوورییەوە، دەقەومێ، هەروەها لە باکوور ناوچەکانی سەیحق کونتش و قەزاکانی ساسۆن و، موتکی دارستانی چڕو کانگای ئاسن و مەعدەنی دی تیایەو، کانگای ئاسنی ساسۆن بەناوبانگە بە دەوڵەمەندیو بە ئاسانی دەرهێنانیو ناردنە دەرەوەی بە تایبەتی لە قەزای بولانك، دەبینین چیاکانی بڵجان زۆر دەوڵەمەندن بە خەڵوزی بەردین.

مومکین نییە کورد لەم ناوچانە کۆچ بکەن بە تایبەتی ئەگەر چڕی دانیشتوان لەبەر چاو گیرا، لە موش و قەزاکانی بولانك و ئەخلات لە ڕۆخی دەیاچەی وان دان، هەر چەندە ژمارەی ئەرمەن، بەر لە شەڕ، لەوێ هاوشان بوو لەگەڵ ژمارەی کورد بەڵام لە ناوچەکانی دی 15٪ی ئەرمەن هەن، بەرامبەر85٪ی کورد و، لە بایەزید و ئەلاج کوردو، تەکمان و دەوروبەریان غەیری کورد نییە. بەم جۆرە دیارە کە داوای ئەرمەن بۆ دەستگرتن بەسەر ئەم ناوچانەدا بێ بەڵگەیە لە ڕووی ئابووری و لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە.

دابەشکردنی سامانی زەوی لە نیشتمانی کورد ناکرێ بکرێتە بیانووی دابەشکردنی کوردستان بە پێی ناوچەی دەستەڵات، کوردستان یەك پارچەیە و لێك جیا نییە، لە حاڵەتی جیابوونەوەی لە ئیمپراتوریەتی عوسمانی، لە ڕووی ئابوورییەوە گەشەسەندنی مەحاڵە لە ڕێی یەك دەستەڵاتەوە نەبێ بە ڕەزامەندی کوردو لای کۆمەڵی نێودەوڵەتی دابمەزرێ.

لە لایەن وەفدی ئەرمەنییەوە بۆ کۆنگرەی ئاشتی پاریس دان بە بوونی کوردستاندا نراوە. هەروەك لەو ڕاگەیاندنە بە کۆمەڵەدا هاتووە ئاراستەی سەرۆکی ئەم کۆنگرەیە کراوە لە 1919/11/20داو، کوردستان داواکارییەکانی بە پشتبەستن بە باوەڕەکانی کۆنگرە، لە پێناوی دامەزراندنی ئاشتی ڕاستەقینەدا لە جیهاندا داناوە، بە پێی ئەم یاسایانە:

1 –مافی نەتەوەکان کە لایەن نوێنەرەکانیانەوە دانراوە.
2 –مافی زۆرەکی.
3 –مافی گەشەپێدانی سەربەستی لە نەتەوەکانی دی بە پێی خواستی نەتەوەییان.

ئێمە بەتوندی نارەزایی دەردەبڕین بەرامبەر هەر ئیدعایەك سەبارەت کورد نەگونجاو بێ لەگەڵ ئەو نەخشەیەی ئێمە لەگەڵ ئەم داوایەدا بەرچاومان خستووە، بەڵام سامانی نیشتمانی کورد، کە سەرەکی پشتی بە سەرمایەی ئاژەڵ بەستوە پێویستی بە ژینگەیەکە بۆ پاراستنی و پەرەپێدانی دانیشتوانی و لە کارەساتی کێشەی ئابووری بپارێزێ. ئێمە داوا دەکەین لەوەرگا بە پیتەکان نەخرێنە دەرەوەی سنووری کوردستانەوە.

بە پێی دوو تاقیکردنەوەی پێشووتر، لە یوگسلافیا و پۆلۆنیا، داوا دەکەین لە حاڵەتی دامەزراندنی ئەرمینیادا، ڕێی دەریایی بۆ کوردستان بەرەو دەریای ناوەڕاست و دەریای قەزوین زامن بێ، بۆ ناردنە دەرەوەی نەوت و سامانی مەعدەنی و دارستانەکان لە کوردستانەوە.

ئێمە داوا لە کۆنگرەی ئاشتی، لە پاریس دەکەین لیژنەیەکی نێو دەوڵەتی دابنێ ئەرکی دیاریکردنی سنووری کوردستان بێ، بە پێی باوەڕی نەتەوەیی و، کوردستان هەموو ئەو ناوچانە بگرێتەوە کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردن. لە حاڵەتی وجودی ناوچەی وا لە کوردستاندا کە ژمارەی نەتەوەیی دی، غەیرە کوردی، تیایە مامەڵەی تایبەتی گونجاوی لەگەڵ باوەڕی نەتەوەیی خۆی لەگەڵ بکرێ، سەرەڕای ئەوە باوەڕی تەواومان بە ڕۆح و حیکمەتی ئەندامانی ئەنجوومەنی باڵای کۆنگرەی ئاشتییە، کە نایانەوێ قوربانی بدەن بە باوەڕی یەکسانی و عەدالەت و ئاسایش لە بەشێکی گەورەی ئاسیای بچوك بە پێی خاترگرتنێ کە پشت بە ئەفسانە ببەستێ و سەرەڕای قوربانینەدانیان بە سودی خۆیان، دەبێ لە بیرمان نەچێ، وجودی مافە تایبەتیەکانی وڵاتانی ئیسلامی، کورد، بە شێوەیەکی وەختی کۆسپ دەبێ لە ڕێی زامنکردنی شەرعیەتدان بەو ئەرمەنیانەی تیایاندا ماون.

تکام وایە ئەی سەرۆکی بەڕێز ئیحترامی باڵامان بۆ شەخسی خۆتان قبوڵ بفەرمون.[8]

1ی ئاداری 1920

سەرۆکی وەفدی کوردی بۆ کۆنگرەی ئاشتی

جەنراڵ شەریف پاشا

سەرچاوە: جەنراڵ شەریف پاشا، د. فوئاد حەمەخورشید، بەغداد 2007، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی.




---

[1] یاداشتەکە، کە لە ئەسڵدا پێشکەش بە کۆنگرەی ئاشتی پاریس کراوە، بە ئینگلیزییە و بە قەوارە (15) لاپەڕەیە.

[2] (حسان، کیف) : لە ئەسڵەکەدا بەم جۆرە. وا دەزانم مەبەستی ((قەڵای کیف))ە. (ف)

[3] لە لاپەڕەی 7ی دەقی یاداشتەکەدا وا نووسراوە بۆ ئاینەکانی دی. هەڵەی چاپە (ف).

[4] لە ئەسڵی یاداشتەکەی شەریف پاشادا لە لاپەڕەی 10دا بەم جۆرە هاتووە، وا دەزانم ڕاستەکە 11٪ دانیشتوان (ف).

[5] سەرژماردەی وان و بەتلیس وەرگێڕانی لە ڕووسیەوە: محەمەد سادق بەگ سەرکردەی هێزی پیادە، پاشکۆی نوسینگەی مەعلومات لە ئەرکانی گشتی. چاپی عەسکەریی، قوستەنتینیە، 1330، (1914ز).

[6] Memoire presnte par Le General Cherif pacha president de lc Deleyation kurdea Monsieur du conceil Supyeme dela conferenone de la puix, pp3.

[7] واتە 600 هەزار کورد و 240 هەزار ئەرمەنی (فوئاد).

[8] دەقی تەواوی ئەم یاداشتە لە فەرەنسیی برادەرم خوالێخۆشبوو دکتور حسن یحیی محمد رەزا– دەرچووی سۆربون لەسەر خواستی من وەرگێڕرا بۆ عەرەبی و شایانی سوپاس و ڕەحمەتە.